# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها .

**ژمارە٣٤_ ٩ی خەرمانان ٢٧١٨**



**■ چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

پەروین شێخی
حوسێن حەمەد
ناسر فەتحی
شەرمین ساڵحی
بیژەن ڕەحمانی
زانا شەریفیان

**■ بەتامی چیرۆک:**

لاپەرە ١٥ ...

**■ وێنەی ڕووبەرگ:**

Nasir Fethî

**■ ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

| RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ تەنها.**

- **چیرۆکی کارگەیی**
- **بە تامی چیرۆک**


- **ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**
**ناسر فەتحی**



**٩ی خەرمانان ٢٧١٨**

**ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم**

## "قوربانی"

هەموو ڕۆژێ کە دەهاتیەوە نیگاکانت لەگەڵ خۆدا نەدەهێناوە ئەو هەموو جێ هێشتنە لە عەشقە یان تۆی تووشێ نەخۆشی لەبیرچوونەوە کردە؟!

کوا پەنجە مۆرەکانت دەکرێ بە هیچ شتومەکی ئەم ماڵەوە دیار نەبێ، بۆ دەبێ بە شووشەکانی پەنجەرەکانەوە نەیبینم، بەس نەبوو هەمووت بە دیواری ماڵیانەوە جێت هێشت؟ !کوا ڕەنگی سووری ڕوومەتت،کوا درەوشانەوەی، کە هەموو ڕۆژێ دەهاتیەوە تەنیا زەردوویيت دەهێنایەوە بۆ ماڵەوە بەس نەبوو ئەو هەموو ڕەنگە پێشکەشی ماڵیانت کرد؟!

بۆنی عەترت لە کۆڵانەکەیان بڵاوە کردە ئێستاش گوڵەکانی ماڵیان بۆنی عەتری تۆ دەدەن نەت دیوە چۆن باڵندەکان ڕوویان لە حەوشەکەیان کردە؟!

کوا ڕۆحت لە کوێی کۆڵانەکەیان جێت هێشتووە؟ ناتهەوێ بیهێنیتەوە؟

من کوڕی وام ناوێ، تۆ کوا ئەو کوڕە عاشقەی وا من گەورەم کردووە .ئەمجار هاتیەوە لەگەڵ خۆتا نەتنیا خۆت ئەویش بێنەوە .با لە هەواڵەکانا باسی عاشقی تۆ کەن، با هەموو بزانن چۆن بۆی دەسووتای و دەمردی .من کوا پێم وتی بچۆ لە نێو شووشەیەکا بۆم بێنەوە؟

تۆ چیت کرد؟ خۆشەویستیت تەنیا ئەو زڵکاوە پیسەی نێو شووشەکە بوو وا ئێستا بە بەتاڵی هێناوتۆتەوە؟ عاشق بووی ئەوەندەکە نیگا، پەنجەکان،کوڵمی گەشی و ڕۆحی هەموو بکەی بە هین خۆت و تۆش ببی بە یادی هەموو چرکەی ژیانی.

▪ زانا شەریفیان



Fragile Appunto

**"حەپوول"**

فەداکاری؟ تۆ تاوانباری، فەداکار نی! هەستە خۆت کۆکەوە! بڕۆ خۆشەویستەکەت ڕزگار بکە! مەترسە! مەڵێ تازە ناگەڕێتەوە لام. دەتوانی بگەڕێیەوە بۆ ڕابردوو و بیگەڕێنییەوە بۆلای خۆت. دەتوانی بچی لەسەرەتاوە دەست پێ بکەیەوە. کات ڕاوەستاوە. ئێستاش هەر ئەوکاتە. کاتێک دووکەس عاشقی یەک دەبن کات ڕادەوەستێ؛ تەنیا تەمەن گۆڕانی بەسەردا دێ، دەنا کات هەمان کاتە کە تێیدا بۆ یەکەمجار عاشقی یەک بوون! بڕۆ ڕزگاری بکە! هەژاری؟ نەداری؟ هێشتاش وەک ئەوکات لەقوونی سەگ سواڵ دەکەی؟ کێشە نییە!

کات تێپەڕ نەبووە. وەک ئەوکات مەڵێ: "من هەژارم و بەدبەختم ناتوانم تۆ بەختەوری بکەم." بڕۆ پێشێ و بڵێ: "ئامادەی لە ئامێزی هەژاری و بەدبەختییەکانمدا بەختەوەر بی؟"

کەلاوە سارد و سڕە هەژارانەکەی تۆ، هەزار شەڕەفی هەیە بەسەر کۆشکە گەرم و نەرمەکەی ڕەقیبەکەتدا. ئەو لەماڵی تۆدا جەستەی سەرمای دەبێ بەڵام دڵی گەرم دادێ؛ کەچی لەماڵی ڕەقیبەکەتدا جەستەی گەرم دادێ بەڵام دڵی سارمای دەبێ. مرۆڤ بەدڵ دەژی! نەڵێی: "ماڵاوا!" بچۆ پێشێ بڵێ: "سڵاو!" نەڵێی: "لەپێناوی بەختەوەریت وازت لێ دێنم!" بڵێ: "لەپێناوی بەختەوەریت وازت لێ ناهێنم!"

ئەم گەندوو گووە فڕێدە و هەستە خۆت کۆکەوە و، لەو کەلاوە ساردوو سڕەت بچۆ دەرێ! مەڵێ: "تازە دەم و ددان و قەدووگیپاڵم نایکات!" ئەگەر تۆزێک چاوەکانت زیت بکەیەوە و یەک دوو شەپلاغە لەخۆت بدەی، تەواو دێیەوە سەر خۆت. مەڵێ: "فایدەی چی فیشەکم پێ نەماوە!" من فیشەکم پێ ماوە، لەجیاتی تۆ بۆت دەتەقێنم! نەڵێی: "گرتوویەتی ها!" زەرفییەتم زۆر لەوانە لەسەر ترە!

■ ناسر فەتحی




Lee Walker

## "ناحەزی بێڕەنگ"

لە هەر هێڵێکی ڕەنگییدا، پێت دەگەم؛ تابلۆکان بیانوویەکن بۆ لێڵ کردنی بیرەوەرییەکانت، کەچی ئێستا بێڕەنگیت، ڕەنگی بە سەردا پژاوە و ڕوخسارت هەر جارە و ڕەنگێکە. تۆ لە جێی خۆتدا دانیشتووی و کچی نێو تابلۆکەیش هەمیشە لە بەرامبەرتدا دادەنیشێت، هەموو جارێ هەردوو دەستی لە ژێر چەناکەی قوڵف دەکات و بە شێوەی پێکەنیناوی لە پەنجەرە کراوەکەی پشت سەرت ڕائەمێنێ. زیاتر لە ڕووناکی، ڕێژەی تاریکییە کافەکەی داپۆشیوە، جار جار لە سووڕانەوەی نوور پرژانەکە"ی ژوور سەرمان، بۆ چەند چرکە، ڕووناکی دەکەوێتە سەر مێزەکە و پەرداخە گێلاسەکانی بەردەممان، زیاتر ئەدرەوشێتەوە. هەردوو دەستم لە ژێر چەناکەم قوڵف دەکەم و لە پەنجەرەکەی پشت سەرت ڕائەمێنم، ئەوەندە نوقمی خەیاڵت بووم، کە گوێم لە دەنگت نییە؛ دیسان بانگم دەکەیت، نیگام لە پەنجەرەکە دەگرمەوە و دەیخەمە سەر چاوەکانت. لە پێش چاومی، لەوێ کە هیچ شوێنپێییە لە وەحشی بوونی سرووشت نییە و بای دەستەکانت بە هێمنی قژم دائەهێنێت. دەست دەخەمە نێو دەستە سارد و سڕەکانت و دەڵێم: تا بارینی باران دێیتەوە! دەستت لە دەور پەرداخەکە ئەڵقە دەکەیت و پێکەنیناوی لێم دەڕوانی و دەڵێی: هێلانە بچووکەکەت ئازارە گەورەکانمی جێ کردۆتەوە، خەمی بارینی بارانم نییە...کات، بە خێراییەکی زۆر تێپەڕ دەبێ و دوایین نیگام دەخەمەوە سەر ڕوخسارە بێڕەنگەکەت، چاوت وەک هەمیشە نییە؛ پێکەنینم دائەمرکێنێ. هێشتا نوقمی نیگاتم؛ جوانییەک نابینم، وەک بڵێی تەواوی پیاوەکان ناحەز بە دنیا هاتبن، وەک بڵێی هیچ ڕەنگێ بە سەرتانا نەپژابێ. پێدەکەنی! دەڵێم، من ئاشقی ناحەزێکی بێڕەنگی وەک تۆم، تۆیش بە زمانت پێم دەڵێیتەوە منیش...منیش! دیسان پێکەنینەکەت بە کۆخەکۆخت دەخا، دەنگێ لەو دیو مۆبایلەکەتەوە دێ، وە جوڵەت دەخا؛ مۆبایلەکەت دەکوژێنیەوە. لەرزینێ لە تۆقی سەرمەوە تا نووکی قاچم هەست پێ دەکەم، دەڵێم: هەموو شتێ باشە، تەنیا ئێرە بارانی کەمە؛ هەموو شتێک باشە، ئەستێرەکان نزیکتر و ڕووناکترن. هەموو شتێک باشە باشە باش...دڵنیا بە بارانیش دەبارێ. من و مێزەکەی بەردەمم لە تابلۆکە دەڕوانین. کچی نێو تابلۆکان لەو دیو پەنجەرەکە دانیشتووە و ڕاماوە لە تۆ و تۆیش بە شێوەیە پێکەنیناوی ڕاماوی لە من. خۆت کۆ دەکەیتەوە و بۆ هەمیشە لە تابلۆکە دەچیتە دەر...

▪ شەرمین ساڵحی



Tharakorn Arunothai

## "بەو چاوە جوانە, چەن کەست فەوتاند؟!"

ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی پاشماوەی ژیانی تۆیە. تۆ لە قەتارێکی لە من ئاشق تر دا, دانیشتووی و خەریکی؛ ئاغزونەی کەوشەکانت توند دەکەی. من ئێرەیی بەو قەتارە دەبەم کە لە کۆشی دای. تۆ وەک جاران بە من ناڵێی؛ ئێستاکە بە نیازی شووکردن نیم! بە نووکی کێردێکی تیژ نێوت لەسەر سینگم دەنووسم و لە پەنجەرەی قەتارەوە هاوتەریبی هێڵی ئاسن درێژە دەدەم بە گەیشتن. دەستم بۆ ژێر باغەڵم دەبەم و ئەو لوویەی لە بن هەنگڵم دا ڕیشەی داکوتاوە؛ هەڵیدەقەنم و دەیدەمە دەستت. تۆش بە خوێدانەکەی سەر مێزی هۆدەی قەتارەکە خوێی پێوەدەکەی و دەیخۆی. بە ئەسپایی لە سەر تابلۆی ژوورەکەم دەخزێیە خوارێ و لۆیەکی لێفەکەم لەسەر لادەدەی و بین دەنێی بەو پیاڵە شەڕابەی کە قەرار بوو لە گەیشتن بە تۆ دا لە سەر ناڵەشکێنە بیخۆمەوە. لە من دا لە دایک دەبی و سەر بە ماڵی هیچ سنەیییەک دا ناکەی. من گۆرانی" جوانی, هەتا بڵێی; جوانی, ئەی خانمە بۆکانی"ت بۆ دەڵێم و تۆ پێش ئەوەی هەناسەکان لە دووکەڵی قەتارەکە دا بزر بن, لە پشت شووشەی پەنجەرەکەوە, ماچی فەرانسەویم دەکەی. تەواوی موسافیرەکان چەپڵە بۆ من و تۆ لێدەدەن. ئەمجار لە دەمەساتی گەیشتن بە تۆ دا, هەرەس ناهێنم و پەرژینی شووشە تێکدەشکێنم و هاوار دەکەم: ڕۆژین! خۆزگە زانیبات; کەس بۆ من, نابێتە تۆ!

▪ بیژەن ڕەحمانی



📷 Lee Walker

## "کۆنە هەوار"

بیدەنگیەکی بە سام بە تاریکی دیوەکەدا پژاوە و هیچ دەنگێک کڕ و کپی دیوەکە بۆژۆ ناکات' ڕووناکیەکی کەم تەوژم لە کەلێنی پەردەکەوە کەوتۆتە سەر فەڕشە بۆرەکە و چڵکەکەی پتر وێنا دەکات!

بە ئەسپایی کەلێنێکی پەردەکە لادەدەم چاوت لێدەکەم وەک دوێنێ' پێرێ'بەسرپێرێ و ڕۆژان و مانگەکان و دەیان ساڵی پێشوو پاڵت بە دارچرابرقەکەوە داوە و وەک پێیکەرەیەک بەرامبەرم ڕاوەستاوی!

سەرو قژە کاڵەکەت لاداوە و لە خاوێنیدا لە بەر تیشکی هەتاوی هاوین دەترووسکێتەوە سمێڵە زەردە ئەستوورەکت دەجووی و پەیتا پەیتا سیغارەکەت هەڵدەمژی و بە دووکەڵەکەی دەیان جەغزی تێکهەڵکشاوم بۆ دەنێری!

پەردەکە دادەدەمەوە دەچەمـێـمەوە لە سووچی ژوورەکە هەڵدەترووشکێم پەکوو لەو هەموو تاقەتە تاکەی؟ بەس نییە؟

هەڵـدەســـتـم و دەچـمە بەر ئـاوێـنە باڵانوێنەکەی ڕێڕەو' لە خۆم دەڕوانم جگە لە قەڵافەتـێـکـی لار و وێـر و دەمـوو چـاوێکی چرچ و لۆچ چیتر نـابینم نـازانم بڕوا بە تۆ بکەم یا ئاوێنە؟

سەروپرچی ڕەشمار و قەڵافەتی وەک چنار و کولمی ئاڵ و لێوی قەیتانی! شێعر و پێداهەڵکوتنەکانی تەمەنی بیست ساڵیتن دوێ شەو بە پەیام بۆت ناردبووم بووژامەوە سپاس بۆ تۆی خۆشەویست!

هێشتاش هەست بە گەرمای ڕوومەتی شەقار کراوت لە سەر لێوم دەکەم دەستت لە دەوری قەدم هاڵاندبوو و لێوت لە گوێچکەم نیزێک کردەوە و چرپاندت:" با لەسەر تۆ بمکوژن لەت لەتم کەن من هەرگیز وازت لێناهێنم!

هەر ئەو شەوە ئەو شەوە نگریسە پاڵت بە کۆڵەکەی بەر درگاکەمانەوە دابوو مژت لە سیغارەکەت دەدا و بەردەوام لە پەنجەرەی ژوورەکەم دەڕوانی لە ناکاو کاکم شتاوڵی بۆ هێنای و هەڵی کوتای سەرت چەقۆ زامندارەکەی دەرکێشا و چوار هێڵی بەسەر دمووچاوتدا کێشا ڕوومەتی شەق و بریقەدارت لێک بڵاو بۆوە و چاوە شینەکانت بوون بە گۆمی خوێن!

بە تەواوی هێز و توانایەوە لاقی لە سەر زگت دانا و هاوری کرد:" خەڵکینە ئاگادار بن جارێکیتر لێی خۆش نابم وتەواوی جەستەی شەقار بەشەقار دەکەم من خوشکم نادەم بە بەڕەڵڵا و عاشقەڕووتە!

پاش سی ساڵ تۆ کۆنە هەواری جارانی" عاشقە ڕووتە" و من کچێکی شەقڵ نەشکاوی سەر بەمۆری دیلکراو' دیلی چاوە شینەکانی تۆ!!!

▪ پەروین شێخی



Vladko Štefanič

## "تەوژمی خەیاڵ"

تەڵغە، جامی پاسەکەت مەبەستە، نازانی چۆن چاوت چۆوە سەری. ڕەنگبێ ویستبێتت خۆت بدزییەوە، لە واقیعێک کە دەرەقەتی دێی و نایێی، دەیبینی و نایبینی، هەستی پێدەکەی و پێناکەی. هەرگیز نەکەوتوویتە ئەو حاڵەتەوە، مەراقی هیچ کەست نەکردووە، کەسێکت خۆشنەویستووە لەبەردەمتا بێ و نەتوانی قسەی لەگەڵ بکەی. ئەوەتا، دوو کورسی لەپێشەوەی تۆ لەپاڵ کوڕێک دانیشتووە. سەریان ناوەتە ژێرسەری یەک، بە چپە قسە دەکەن. قژیت لێ دیارە، ڕەنگێکی سەیری هەیە، تێکەڵەیەکە لە پرتەقاڵی و قاوەیی. نییە ناوێک بۆ ڕەنگی قژی. برادەرێک لەپاڵتایە، لەبەرخۆتەوە بۆی دەدوێی، سەر دەلەقێنێ، دڵنیای خەیاڵی لای قسەکانت نییە. پاسەکە دەوەستێ، هەمووتان ڕادەچڵەکێن. لەلای پەنجەرەکەش نی سەیری دەرەوە بکەی، کچێکی بەرگ نیلی کڵاو لەسەر لەتەنیشتەوە وەستاوە، خۆی بە کورسییەکەت گرتووە. دەترسێ بەربێتەوە، لای ئێوە وایە; ئەوەی بەربێتەوە ناتوانێ بە ئاسانی هەڵسێتەوە، خەتای ئێوە نییە، لە بەربوونەوە ڕانەهاتوون. پاسەکە بەردەوامە لە ڕۆیشتن. بۆنێک هاتە ناو لووتت. ئاشنایە لات، خۆیەتی، عەترەکەی ئەوە، عەترە هەرزان بەهاکەی، ئەو عەترەی هەمووجار لە بازاڕی کوران دەیکڕێ. بەوە نییە شتی هەرزان بەها بەکاردێنێ، جوانییەکی بێوێنەی هەیە، ڕۆحی ئەو زۆر گرانبەهایە.

لەپڕ بێداربوویەوە. ڕاست و چەپ خۆت سوڕاند، خۆتت گرمۆڵە کرد. دوو بەتانی و لێفێکت بەخۆت داداوە، گەرم نابیەوە. هەر دەڵێی سەهۆڵێک لە سینگتدایە. ئەو بێ ڕەحمییە چییە؟! خەوی لێ حەرام کردووی. چاوت سووربۆتەوە، هەڵدەستییەوە دەچییە دیار ئاوێنە، لەخۆت ڕادەمێنی، دەستێک بە ڕیشت دادێنی، ڕیشیشت زۆر بووە. گوێزانێک دێنی و دەیتاشی، ئێستا لاوازتر بەدیار دەکەوی. دەچیەوە ژوورەکەت، کورسیەکەت بەدیار مێزەکەتەوە دانیشتووە، گفتوگۆ دەکەن بەیەکەوە، تۆش تەنیای. لەسەر کورسیەکە دادەنیشی و ڕۆدەچییە ناوی، پەل بۆ کتێبێکی سەر مێزەکە دەهاوێژی، دەیخوێنییەوە و دەیخوێنییەوە و دەیخوێنییەوە، هیچی لێ تێناگەی. نییە شتێک سەرقاڵت بکا، جگە لەو. تۆی لەبیر خۆت بردۆتەوە.

بۆت نووسی; "برینێک لە سینەمدایە، برینێک تەواوی ژیانی گۆڕیم." بۆی نووسی; "تەزانی، ڕۆژێک دێ ڕۆژی تۆش دێت." بەدیار شاشەی ئەو مۆبایلەوە چاوت ژان دەکا، مۆبایلەکە تێهەڵدەدەیە سەر مێزەکە. ژوورەکەت زۆر تێکەڵ و پێکەڵە. گوڵە سووفەکە و کتێبەکان و

گڵۆپە زەردەکە و لاپتۆپەکە، هەموویان لەسەر مێزەکەت بێدەنگ بێدەنگ، مات و مەلوول ورماون، لە حاڵی پەشێوت دەنۆڕن. گێژەنێک لە سەرتدایە، وڕی کردووی، باهۆزێکە خۆش نابتەوە. مۆبایلەکەت دەگرییەوە دەست،چاوەڕێ و بێحەواسی، عەوداڵی نامەیەکی. دەتەوێ بنووسی; خۆشم دەوێی، نایننووسی.

لە چایخانەکە، بەدەم فڕکردنی چایەکەی بەردەمی، دەڵێ;"زۆر دوودڵم،ناتوانم پێی بڵێم، گەر پێشی نەڵێم لەدەستم دەچێ، شوودەکا.!" لە جامخانەی چایخانەکەوە لە دەرەوە دەڕوانێ. تازە ڕیشی تاشیوە، چاوی قووڵ، لاواز لاواز، گیانی وەبەر نەماوە. بێزەردەخەنە، وەک هاوخەمی دەست دەخەیە سەر شانی و دەڵێی; "بەیانی برۆ بەردەمی و بڵێ; خۆشم دەوێی، ئەگینا تا ماوی پەشیمان دەبییەوە." ڕووی نەسوڕاند، پیاڵەکە لەنێو دەستیەتی، قومێکیتر لێدەدا، چای تیانەماوە. لاربۆوە، پیاڵەکەی لەسەر ژێرپاڵەکە دادەنێ و دەڵێ; " وامەکە توخوا، وا خۆت نیشان مەدە کە نەزانی حاڵم چۆنە، پوولێکم لە گیرفاندا نییە. ئاخر من خاوەنی هیچ نیم، خۆشەویستیەکی چکۆلەی سادە نەبێ. مەگەر ئەو بەخۆشەویستییەکەم ڕازی دەبێ؟! هەردووکمان چاک دەزانین کە وەڵامەکە نەخێرە. با ئێمە خۆمان بەو قسانە هەڵنەخەڵەتێنین، بەتەنها خۆشەویستی بەس نییە بۆ ئەوەی دڵخۆشبی، پێویستە پارەشت هەبێ.!" ڕاست دەڵێ، واقیعێکە هەزم ناکرێ، تاڵە. پەست دەبیت، کەمێک بە توڕەییەوە دەڵێی;" تۆ بۆ ئەو قسانە بانگی منت کردووە؟ پێشتر ئەو بابەتەمان نەبڕاندەوە؟ بۆ هاتییەوە سەری؟" ڕوخساری سپی سپی، شێوەی هەر لە مردوو دەچێ. ئەو بەپەلە دەڵێ; "نا ... نا بۆ ئەوە بانگم نەکردووی، گوێم لێ بگرە، دەزانم حاڵی تۆش لەمن چاکتر نییە، تۆم لێ نەبووە بە حەکیم، تۆش دەردت کەم نییە. بەڵام پێویستە گوێم لێ بگری، شتێک هەیە دەبێ پێتی بڵێم. سەیرکە، دەزانم دەبێ ئەو حاڵەتە تێپەڕێنم، دوێنێ شەو خەو نەچۆتە چاوم، زۆر بیرم لەو مەسەلەیە کردەوە، گەیشتمە ئەنجامێک، یەک ڕێگە چارە هەیە، بە گوللەیەک لەنێو کەلەسەری خۆمدا دەیکوژم.!" بێدەنگ بوون، سەیری هەورەکانی ئەودیو جامخانەکە دەکەن. چۆلەکەی سەر دارتێلەکان، گوڵەبەڕۆژە فرۆشەکە، ماشێنەکان، منداڵە بۆیاغچییەکە، هێواش دەجوولێن. هەڵدەستی، دەتەوێ بڕۆی، ئەو خەیاڵی ڕۆیشتوە، بانگی دەکەی; "هۆزان ... هۆزان ..."

بانگت دەکا;"هۆزان... هۆزان..." ڕادەچڵەکێی، سەیرێکی تەنیشتت دەکەی کچە بەرگ نیلییە کڵاو لەسەرەکە هێشتا وەستاوە. ئەوانیش سەریان ناوەتە ژێر سەری یەک، هەر بە چپە قسە دەکەن. ڕووت بۆلای ئەو برادەرە وەردەگێڕی و دەڵێی;" شتێکت گوت؟! ببوورە، خەیاڵم ڕۆیشتبوو، بیرم لە سبەی دەکردەوە.!"

▪ حوسێن حەمەد



Rusman Budi Prasetyo

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکوڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکوڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

**کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:**

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خالبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̃ ◌̃ ◌́◌́ ◌̃,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : < = ⁕]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) یت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆر، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ ـیش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆر و خاڵبۆڕانە هەڵەن: , ;
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بە تامی چیرۆک

**▪ زمناکۆ کرماشان:**

ئەو ڕووداوە هی سەردەمی منداڵیمە؛

ڕۆژی نەورۆز بوو یانی ئەو ڕۆژە ئاوری نەورۆز دەکرایەوە. بابم خوا عافوی کا هەڤاڵێکی زۆر سەقیلی بوو، کوتی بڕۆ دوو تمەنی لێ بستێنە با ئەوشۆ خەوی لێ نەکەوێ! چووم بەرەو ماڵی کابرا. لە درگام دا و کوتم ئیشم بە فڵانییە. خودا عافووی کا کوتی: وەرە ژوورەوە، کوتم: هاتووم بۆ نەورۆزانە. ڕوانییە کاژمێرەکەی سەر دەستی و کوتی: ڕۆڵە هێشتا زۆری ماوە بۆ نوێبوونەوەی ساڵ، ئێوارێ وەرەوە.

هاتمەوە ماڵێ و کوتم: بابە فڵانکەس وای کوتووە، بابیشم کوتی: ئێوارێ بچۆوە. عەسرێکی درەنگ چوومەوە. وەکوو هەوەڵ جار چوومە ژوورێ و کوتم هاتووم بۆ نەورۆزانە. کوتی: ڕۆڵە، نەورۆز تەواوو بوو، دەبوایە زووتر هاتبای!

لە ئاکامدا ئێوە چەندەتان نەورۆزانە دی منیش هەر ئەوەندە و کابرای قرنیس هیچی لێ هەڵنەوەری.

- **ئەبووبەکر ڕەشیدی:**

هاوکارێکمان گێڕایەوە: ئەو ساڵە خۆم بەرپرسی قوتابخانەی یەکێ لە گووندەکانی چۆمی مەجیدخانی بۆکان بووم. بەهەڵکەوت مامۆستاکان هەموویان ئافرەت بوون تەنیا من پیاو بووم. ڕۆژێکیان لاوێکی ئەو گووندە هات بۆ قوتابخانە کە بڕێکیش لە قسەکردندا پەلە دەکا و لە هەمان کاتیشدا زۆر شەرمێونە، هاتە ژوورێ و بە دیتنی ئەو هەمووە خاتوونە سەری لێ شێوا و کوتی: سسسلاو ئەرێ کاک....! ئەوساڵ بۆ هەمووتان ژنن؟!

کووتم: بەقوربان هەموومان ژن نین بەخودای ئەمن پیاوم.

- **هەمزە ئاگوشی - تاماوی گەڕەک!**

هەر لە هەوەڵی بەیانییەوە هەتا درەنگانی شەوێ، گۆشت کەڵەبابیان وەسەر ئاوری نا. لەبەر پیری و لەبەر چیرپیان نەکوڵی و نەکوڵی و نەکوڵی. بەناچاری و لە شەرمی خۆ، میوانیان بە تاماوەکەی بەڕێ کرد. چەند ڕۆژ دواتر جیرانییەکیان کە بەو بەزمەی زانیبوو، کیژۆڵەیەکی نارد: دادەزارا گیان ئەوە دایکم دەیکوت بەقوربانی بم، لەبەر کەوشەکانی مرم، میوانی درەنگ وەختمان بۆ هاتووە و دەستیشمان وەهیچ کوێ ڕاناگا، خێرتان دەگاتێ ئەگەر گۆشت کەڵەبابەکەمان بۆ بنێرن ئەمەش تاماوێکی پێ دروست کەین، بەخودای هەر بڵێی یەک و دوو دەیهێنینەوە. ئەوە چەند ساڵ و عەیامێکە لەو گەڕەکەی ئێمە پیرەکەڵەباب لە مەنجەڵان دەگەڕێ و دەستەدەستە میوانی وەخت و ناوەختی پێ بەڕێ دەکرێ. جاربەجار بۆ ئەوەی بڵێ ئەمن هەر زیندووم و بەو نەرمە ئاورانە وەکوڵ نایەم، ملە قوتەیەک دەکا و قڕخەیەکی لێوە دێ!

- **کاک ئەحمەد گێڕایەوە:**

ساڵێکیان چووبووین بۆ باشوری کوردستان. زۆرمان برسی بوو، گەییشتینە سلێمانی. لە چێشتخانەیەک ڕامانگرت و چووینە ژوور. کابرای گارسۆن هات و بەبێ پرسیار بلۆوتێکی برنج بۆ داناین و کوتی شلەکەی چ بێ؟

ئێمەش زۆرمان برسی بوو، کاک سامیار کوتی: کاکە شلەکەی گووش بێ هەر بیهێنە!

*تێبینی: "شلەکە" بە خۆرشت دەڵێن.

▪ **برایم بابایی (ئارگەش):**

کاک شەریف لە... میوانی عەجەمی دەبێ. ژنەکەی کە خەریکی وڵات ماشتنێ دەبێ لێی بەر دەبێ و میوان شلوێ نابن. کاک شەریف لێوان دەکرووژێ و دەڵێ: چۆنت گۆڕی باب گام، ئابڕووت بۆ نەهێشتم!

ژنە دەڵێ: کوڕە ئەوە دەڵێی چی؟ خۆ عەجەمان لە تڕی کوردی حاڵی نابن!

▪ **محەمەد سەیدئەحمەدی:**

خودا بیبەخشێ کاک مستەفا سایپایەکی بوو، شەش ـ حەوت ساڵ لەمەوبەر باری دەبرد بۆ شاران، جارێک گێڕایەوە و کوتی: ساڵێکیان لێرەوە باری ئەسبابازیم لێ دا بیبەم بەرەو عەجەمستان. لە دەسپێکی شاری زەنجان پۆلیس ڕایگرتم؛ دابەزیم و چوومە خوارێ بۆ لای ئەفسەرەکان. ئەفسەرە شتێکی بە فارسی پێ کوتم منیش حاڵی نەبووم کوتم: ها؟ ئیدی ئەفسەرە زانی زۆر فارسی نازانم کوتی: گواهینامە،

منیش گەواهینامەکەم پێ دا. لێی پرسیم: بار چی داری؟ هەرچی هێنام و بردم نەمدەزانی چۆن ئەسبابازی بکەمە فارسی، ناچار کوتم :والا جناب سروان وسایل بچەبازی!

هەر وامکوت بۆ بە دوو ـ سێ نەفەر نەڕژانە سەر ماشێنەکەم و خێرا چادریان لادا، ئەگەر دیتیان چیم پێیە خەریک بوو لەخۆ بچن لەبەر پێکەنین. وەڵا ئەفسەرەش هیچی پێ نەکوتم و گەواهینامەکەی پێ دام و کوتی: برو خدا شفات بدە!

تێبینی: کاک مستەفا وەیزانیبوو ئەسبابازی کوردییە

▪ **ئالان:**

کەسێک گێڕایەوە: لە سنە دووکانی مریشکفرۆشیم بوو، پیاوێکی موعتاد هات وتی: ئاغەگیان ١کیلو پامامر(قاچەمریشک)م بە پێ. خۆلاسە چنگم کرد بە ناو قاچە مریشکەکانا کە بۆی بکەمە دڵق، وتی ئاغەگیان ئەشێ خۆم جیای کەمۆ.

وتم بۆچی؟

وتی ئاخر نەکا تابەتا بێ!


بڕێک پێ کەنیم و دڵقەکەم پێ دا و وتم دەی فەرموو خۆت بە دڵی خۆت جیای بکەرۆ.

▪ **بۆکانی:**

لە سەرەتای شۆرشی گەلانی ئێراندا، بابم لە گوندێکی نێوان بۆکان و سابلاغ بە نێوی "حاجی ئالێکەند" کە بنکەی گەورەی کومەڵەی لێ بوو ماموستای ئایینی بوو. یەکجار زۆر سەری لە حیزبی دێموکرات دەخورا. ماڵێکی بڵیندمان بوو کە دەیڕوانییە نیوەی دێیەکە.

سەر لە ئێوارەیەک دیتمان کوپتێرێکی دەولەتی هات و لە ڕووەبەڕووی دێ لە تەپکێک بە نێوی تەپی قەبران نیشت. خەڵکی ئەوزەمان ماشێنیان دیبایە بە دوای‌دا هەڵدەهاتن چی بگا بە کۆپتێر. تەواوی جەماعەتی دێیەکە بە ورد و درشت هەلاتن بۆ پێشواز. دەیانکوت هاتووە حاجی مامۆستا بگرێ! بابیشم خۆی شاردەوە هەتا کوپتێرەکە ڕۆییشت. ئەوجار خاترجەم هاتە دەرێ و هەوەڵ کەس کە گەییشتە نیزیکی ماڵی ئێمە کوڕە ئاغای دێیەکە بوو. ناوی جانگیر بوو و زمانیشی دەیگرت. بابم پرسی: جانگیر ئەوە بۆ هاتبوون، چییان دەویست؟ کوتی: مامۆستا هاتبوون بۆ پیپپوسششککە (پوشکە)! بابم بە سەرسوڕماوی پرسیی پوشکە؟ کەسێکی دیکەی لەگەڵ بوو کوتی: ماڵت بە قوڕ گیرێ جانگیر، ئەرێ وەڵڵا مامۆستا ڕێگایان لێ هەڵە ببوو دەچوون بۆ کیتکە (گوندێکی گەورەیە لە سەر ڕێگای سابلاغ ـ سەردشت). دیسان بابم پرسیی: باشە جانگیر ئەوە چی بە چییەوەیە؟ کوتی: مامۆستا کیتکە بە چیلکە حاڵی بووم دەی چیلکە و پوشکەش هەر یەکن ئیدی!

▪ **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"



Kris Stuver